هەندێک

# ئامۆژگاری بۆ گەنجان

پێشکەشکردنی


علي خان

نوسینەوەی

جويرة هاني أحمد



• 1446 کۆچی 2025 زاینی •

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

## هەندێک

# ئامۆژگاری بۆ گەنجان

پێشکەشکردنی

علي خان

نووسینەوەی:

جويرة هاني أحمد

چاپی یەکەم

١٤٤٦ کۆچی

مافی لەبەرگرتنەوەی بۆ هەموو موسڵمانێکە

بەمەرجی دەستکارینەکردنی

ناوی کتێب : هەندێك ئامۆژگاری بۆ گەنجان

نووسەر : علی خان

نووسینەوەی : جويرة هاني أحمد

دیزاینی بەرگ: ئیمان

دیزاینی ناوەوە: www.ali-xan.com

شوێنی چاپ : سلێمانی

ساڵی چاپ : یەکەم ١٤٤٦ ك – ٢٠٢٥ ز

بۆ بینینی ئەصڵی کتێبە بەشێوی ڤیدیۆ،

کامێرای مۆبایلەکەت ڕووبکە ئەم بارکۆدە:

# پێشەکی نووسەر

الحمـد للـه رب العـالمين، الهـادي إلـى صراطـه القـويم، والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، وآله، أما بعد:

**خـوێنەری هێـژا:** هەنــدێك ئامۆژگــاری و بیرهێنــانەوەیە، لەیەکێك لە ماڵەکاندا لەسەر داوای برایان پێشکەشکراوە، سەرەتا ئاراستەی خاوەنەکەی کراوە پاشــان ئەوانــی تــر. لەڕاسـتیدا مـن هیچی تێدا نابینم، بەڵام ئەوان پێیان وایە کـاریگەرە و بەسـوودە، جا دیارە لە ستری خوا دەڕوانن، کە جوان دەبیـنن، قسـەکانیش بەسوود دەبینن. داواکارم لەخوای گەورە بیکاتە مـایەی سـوود و کەڵك و لەتاوانمان خۆشببێت و بەر بەزەیـی خـۆیمان بخـات و ئەوانەی دەیڵێین بیکاتە بەڵگە بەدەستمانەوە.

داماوی لێبووردەیی خوا




١٠ـی شەوالی ١٤٤٦ کۆچی پیرۆز بەرانبەر ٨ـی نیسانی ٢٠٢٥

# ئامۆژگاری و یادخستنەوەیەك بۆ گەنجان

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على رسول الله الأمين، وعلى آله وأصحابه وأتباعه وأحبابه، أما بعد:

بەڕێزان، لەسەر داواکاری خۆتان ئەم وتانەتان پێشکەش دەکەم، ئەوەی کە حەزدەکەم لە خزمەتاندا باسی بکەم بریتییە لە ئامۆژگاری بۆ گەنج، حەزیشدەکەم ئامۆژگاریەکە زیندوو بێت و ئەمڕۆ گەنج پێویستی پێبێت.

هەڵبەت قسە زۆرە، پیاو گەر بیەوێت ئامۆژگاری گەنج بکات لەوانەیە بە «دە» کاتژمێر ئامۆژگارییەکەی تەواو نەبێت و هێشتا هیچی نەوتبێت، نەک لەبەرئەوەی قسەزانە بەڵکو لەبەرئەوەی گەنج پێویستی بە زۆر باس و خواس و قسە و ئامۆژگاری هەیە.

جا ئەوەی کە من ئامۆژگاری نەفسی خۆمی سەرەتا و پاشان ئامۆژگاری هەر گەنجێکی دڵسۆزی پێدەکەم، بریتییە لە:

## یەکەم: تەقوای خوای گەورە:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ وَصَّيۡنَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ مِن قَبۡلِكُمۡ وَإِيَّاكُمۡ أَنِ ٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ﴾ [النساء: ١٣١].واتە: «سوێندبێت ئامۆژگاری خاوەن کتێبەکانی پێش ئێوەمان کردووە و ئامۆژگاری ئێوەش دەکەین بە تەقوای خوا».

تەقوای خواش وەکو ئیمامی عەلی دەڵێت بریتییە لە: «الخوف من الجليل، والعمل بالتنزيل، والقناعة بالقليل، والاستعداد ليوم الرحيل». واتە: ترسان لە خوای گەورە و، کارکردن بە قورئان و، قەناعەتبوون بە کەم و، هەروەها خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژوی دوایی و ڕووبەڕووبوونەوەی خوای بەرز و بڵند.

تەقواش لە «وقایە»وە هاتووە، واتە خۆپاراستن، لەشەرعدا هەر بە کورتی بریتییە لە پارێز خستنە نێوان خۆت و تووڕەیی خوای گەورە. پارێزەکەش بە ئەنجامدانی فەرمانەکان و دوورکەوتنەوە لە نەهییەکان دەبێت.

## هەڵبژاردنی سەرمەشقی چاک

واتە گەنج پێویستە قودوە و سەرمەشق و پێشەنگ و پێشڕۆ و ڕابەر و پێشەوا و مامۆستا و چاولێکەرێکی چاک و نموونەیەکی هەرە باڵا و چاکی هەبێت، چاوی لێبکات.

یەکەم پێشــەنگ و ڕابەر و نمــوونەی هەرە بــاڵا و چاکیشــی دەبێت پەیامبەری خوا ﷺ بێت. پاشان لە هــاوەڵان و پێشــینان و پێشەوایان و چاکان.

دەبێــت کەسـێك بکەیــت بە ڕابەر و نمــوونەی هەرە بــاڵا و چاکی خۆت و چاوی لێبکەیت.

کەواتە دوو خــاڵمان باسـکرد، بــوونی پێشــەنگ، هەروەهــا دەبێت پێشەنگەکە چاك بێت و نموونەی هەرە باڵا بێت.

جــا ئەگەر پێشـــەنگت نەبـــوو زوو پاشــگەزدەبێتەوە و زوو دەگۆڕێیت و زوو تیادەچێت.

ئەگەریش خراپ بوو، زوو خراپ دەبیت و زوو تێدەکەوێت.

لێرەشەوە گرنگە گەنج فێرببێت ڕێز لە پێشەنگە چاکەکان بگرێت، دەمی بەڕەڵا نەکات بە قسە پێوتنیان، با پێشەنگەکە مامۆستایەك بێت و کەموکورتی هەبێت، مادام کۆمەڵێك گەنج، هەندێك کەسیان کردووە بە مامۆستا و پێشەنگی خۆیان دەیانەوێ لەڕێیانەوە خزمەت بە دینەکەیان بکەن خزمەتێکی درووست، ڕێگری ناکرێت، بوونی هەندێک هەڵە و کەموکورتی لە هەندێک لە پێشەنگەکان شتێکی حەتمییە و چونکە مرۆڤ مەعصوم نییە، لەتاوان پارێزراو نییە «كلُّ ابنِ آدمَ خطَّاءٌ» «هەموو ئادەمیزادێك زۆر هەڵە دەكات».

خاڵێکی تر کە هەر پەیوەستە بە خاڵی دووەمەوە: چاوپۆشی بکەن لە زۆریکی ئەو هەڵە و کورتیانەی ڕوودەدەن لە بابەتە ئیجتیهادییەکان، مادام ئیجتیهادییە پێویست ناکات جیقلدانتان بچووک بکەنەوە.

ئەگەر دڵفراوانی نەکرێت لەبابەتە خیلافییە ئیجتیهادییەکان، ئەوا کێشەی گەورە ڕوودەدەن وەك ڕوویانداوە.

## لە وتی دووربکەونەوە

خاڵێکی تر کە هەر پەیوەستە بە خاڵی پێشووە: لە وتی وتـی دوور بکەونەوە و وانەش لای مامۆستایەلێک بخوێنن کە قوتابی فێـری قیـل و قـال و غەیـبەت و تـانە و تەشـەر نـاکەن، لای مامۆستایەکی ڕەبانی و خواپەرسـت دەرس بخـوێنن کە قوتـابی فێـری زانســت دەکەن، فێـری کـردەی دەکەن بە زانســت، لە مامۆسـتای ڕەببـانییەوە پـێش ئەوەی فێـری زانسـت بـن فێـری کردەوەکـردن دەبـن، پارێزگـاری دەکەن لە نوێژەکانیـان، فێـری ترسان لەخواتـان دەکەن، دووردەکەونەوە لە حەڕام، لەخـواردنی ماڵی خەڵک بەناهەق... تا کۆتایی.

هەروەهـــا دووركەوتنەوە لە توونـــدڕەوی و شـــلڕەوی؛ لە شـــلڕەوی کە ســـەرتان لە داتاشـــینی دیـــن و تەنـــازولات و کەمتەرخەمی و سووکگرتنی دینەوە دەردەکات.

هەروەها لە توندڕەویش: کە سەرتان لە تەکفیر و تەفسـیق و تەبـدیع و تەجریحـی بەنـاهەقی خەڵـک دەردەکـات، بەڵکـو سـەرقاڵی علـم بـن، علـم خـۆی بۆخـۆی زۆر بابەتـت بـۆ ڕووندەکاتەوە، علمی جەرح و تەعدیلیش علمێکی پیرۆزە، بەڵام پێویســتە بە شــێوازێکی تەندرووســت قســەی تێــدا بکرێــت، لەلایەکی دیکەوە هەندێک بابەت هەیە نابێـت تـێکەڵ بە بـابەتی جەرح و تەعـــدیلە کـــۆنەکە بکرێـــت، چـــونکە دەڕۆنە ژێـــر فەرمانکردن بە چـاکە و ڕێگریکـردن لە خـراپە، ئەوەش شـتێکی داواکــراوە و پێویســتە هەبێــت. بەڵام کە ورد دەبێــتەوە تەماشــا دەکەیــت ناونیشــانەکەی جەرح و تەعـدیل یــان فەرمـانکردن بە چاکە و ڕێگریکردن لە خراپەیە، بەڵام لە هەقیقەتدا فڕی بەو دوو

بواره شەریفەوە نییە. بەڵکو شەڕە قۆچ و ملبادان و زۆرانبـازی و شەڕە دەست و شەڕە «من»ە.

لە هەمان کاتدا فەرمانکردن بە چـاکە و نەهیکـردن لەخـراپە بنچینە و بنەما و یاسا و ڕێسای خۆی هەیە.

هەروەها ناکرێت لەسەر «تحقیـق المنـاط» کێشـمانکێش و شەڕەکەڵە شێر درووست ببێت، بەڵکو دڵنیـام هەنـدێک لەوانەی سەڕقاڵی شەڕەدەنووکن لە ڕستەی «تحقیق المناط» تێناگەن.

ئەوە بە تانە و تەشەرێک ناڵێم بە هەندێك گەنج، چونکە من لێرە ئامۆژگاری گەنج دەکەم، ئامـانجم دەسـتگرتنی گەنجـانە لە کـــوڕان و لە کچـــان، برایەکـــی خۆشەویســـت و بەپەرۆش و دڵسۆزی خۆیان ئامۆژگاریان دەکات، بەڵکو باسـەکەم لە شـەڕە شـاخ دێـت سـەرباری نەبـوونی زانسـت، چـونکە مەبەسـتم لە «تحقیق المناط» لێرەدا ئەوەبوو کە هەردوولا کۆڕان لەسەر فڵانە شت کە هەڵەیە، یان فڵانە شت بیدعەیە، یان فڵانە شـت کـوفرە، بەڵام ئایا ئەو حاڵەتەی کە تۆ و فـڵانە کەس، یـان فـڵان کەس و

فڵان کەس تێیدا ڕاجیاوازن، تا چەند ئەو مەناطە موحەقەقە؟! تـا چەند بەدیهاتووە؟!

**هەروەها مامناوەند بن.**

دووربب‍ـــەنەوە لە (ئیفـــڕاط و تەفـــڕیط) لە زیـــادەڕەوی و کوورتڕەوی، لە توندڕەوی و شلڕەوی، شـەرعڕەوبە، پێشـتریش باسکرا، هەروەها لە بیر و هزرتانیش پەڕگیر مەبن، لە بابەتەکـانی ئیماندا، مەڵێن: «هەموو کەس موسوڵمانە»، «کافر لەسەر زەویدا نییە»، «کوفر لە فەرهەنگی من نیـیە»! لایەکـی تریشـەوە: مەڕۆن دار و بەرد کافر بکەن، زۆربەی موسڵمانان بەکافر بـزانن، کەوایە داواکارییەکەی من چییە لە ئێوە، بەپێی قورئان و سـوننەت بـڕۆن بەڕێـــوە، هەر کەس کـــافرە، کـــافرە، هەر کەس موســـوڵمانە، موســـوڵمانە، سـەر زەوی هەمـووی کـافر نیـیە، هەموویشـی موسڵمان نیـیە، ئەوە هەر بە کـوورتی دەڵـێم بـۆ بـرا و خوشـکە گەنجەکانم، ئەگەرنا بەشکو دەرفەتێک ڕەخسـا بەکـورتی باسـی مێـژووی گرووپەکانتـان بـۆ بـکەم کە کاتێـک تووشـی هەوا و ئارەزوو هاتوون چۆن پەرتەوازەیـی لەنێوانیانـدا دروسـت بـووە،

هەر کەسێک لەسەر بچوکترین ئیجتیهاد ئەوەکەی تەکفیر و تەبدیع و تەفسیق کردووە، تاوەکو کەس نەماوەتەوە.

هەموو کەس بە کافر مەزانە تەنانەت کابرای جاهیلیش، مەڵێ: ئەوەی قورئانی پێبگات تەواو، ئێ باشە، کابرا قورئانی پێگەیشتووە، بەڵام عەرەب نییە کوردە، فارسە، تورکە، کورە تەنانەت بەشێکی زۆر لەعەرەب لەزمانی عەرەبی قورئان بەباشی حاڵی نابن! ڕاستە هەندێك لە زانایان دەڵێن: کێ قورئانی پێبگات ئیقامەی حوجە کراوە، بەڵام کێ قورئانی پێبگات کە لێی تێبگات ئەوە ئیقامەی حوجە کراوە، بۆیە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین.

بڕۆن سەیری گروپی خەوارج بکەن، بزانە چەند تاقم و کۆمەڵیان لێ درووست بووە وەك موحەککیمەکان و ئەزاریقەکان و نەجەداتەکان و عەجاریدەکان و ئیبازییەکان و هتد کە باسی نزیکەی بیست گرووپی خەواریج دەکەن، هەریەك لەمانەش چەند کۆمەڵیان لێبووەتەوە. بۆ؟ لەبەرئەوەی لەسەر بچوکترین بابەت کێشە لەنێوانیان درووست دەبوو، بۆ؟ چونکە

بنەماکەیان تۆکمە نەبوو لەسەر قورئان و سوونەت، بۆ نموونە: جەماعەتی خوارج دایان بەسەر دێهاتێکدا، ئافرەتێکی ناودار و بەناوبانگیان بە کەنیزەک گرت، عەبدلمەلیکی کوڕی مەڕوان نامەیەکی بۆ سەرکردەکەیان نووسی، وتی: فڵانە ئافرەتەتان بە کەنیزەک بردووە، ئەوە ئەوەندە پارە، تەنها ئەو ئافرەتەمان پێبدەنەوە، گەورەی خەواریج ئافرەتەکەی ناردەوە، کۆمەڵێکیان وتیان: لەگەڵ خەلیفەدا نامە دەگۆڕییەوە و ڕۆیشتوویت کەنیزەکەت بەرداوە، تۆ کافر بوویت، ئەمە کۆمەڵێکیان ئەویان کافر دەکرد بوو و خۆیان جیادەکردەوە، ئیتر ڕووداوێکی دی لەو کۆمەڵە نوێیە ڕوویدەدا، کۆمەڵێکی تر ئەمانیان کافر دەکرد و جیادەبوونەوە، ئیتر زنجیرەی تەکفیر شۆڕدەبوویەوە.

مەبەستم ئەوەیە لە پەڕگیری دووربکەونەوە، نە مورجیئە بن نە خەوارج، بن نە تەکفیری بن، نە شلگیر بن،

هەروەها ئەوەی کە گرنگە ئامۆژگـاری گەنجـی پێبکرێـت: سەرقاڵی علم بێت.

سەرقاڵبوون بە عیلم ڕێکاری خۆی هەیە، ئەگەر بەکـورتی دەتەوێـت؟ بـڕۆ چـۆك لەبەردەم شـێخێک دابنـێ و دابنیشـە لەخزمەتیدا و فێرببە، با مامۆستایەکی جێی متمانە بێـت، علـم و تەقوای تێدا بێت.

بەڵــێ، بــا ئەو مامۆســتایەی دەرســی لا دەخوێنیــت دوو سیفەتی تێـدا بێت:بـا لەخـوا تـرس بێـت، کەواتە تەنهـا بەدوای علمـدا مەگەڕێ، مەرج نیـیە ئەوەی علمـی پێبـوو، ئیـتر تـرس لەخواشی تێدا بێت، بۆیە با هەم ترسـان لەخـوای تێـدابێت هەم خاوەن علمیش بێت، با دەرس لای ئەوانە بخوێنـدرێت، سـوود لەوانە وەربگیرێــت بــۆ ئەوەی بتوانێــت پەروەردەت بکـــات، تێتبگەیەنێت و پێتبگەیەنێت.

ڕێگاکانی وەرگرتنی علمیش، ڕێگای بەهەشتە.

## زۆر ڕاست و چەپ مەکە

ئامۆژگاریەتی ترم بۆ گەنج ئەوەیە: زۆر ئەمسەر و ئەوسەر مەکەن، کەم ڕاست و چەپ بکەن، هەر ڕۆژە و لەسەر پەتێك یاری مەکە، بەڵکو ڕێگایەکی ڕاست بگرە و سەقامگیر ببە.

## کردەوە بە علمەکەتان بکەن

لەگەڵ ئامۆژگاری بە عیلم، ئامۆژگاری بە کارکردن دێت، کارکردن بەو عیلمەی وەرتگرتووە، ئەگەر گەنجت بینی فەرزەکان و شەونوێژی لەسەر قورس بەە، وەڵاهی دەستی لێبشۆ.

بەڕاستی نابێت گەنج کەمتەرخەم بێت لە عیبادەتەکان، لە واجباتەکان، لە فەڕزەکان، لە زیکرەکان، لە ڕێزگرتن لە دایک و باوکی و هاوشێوەکانی.

## قسەی خێربکە بۆ خەڵک

هەروەها موسڵمان کە علمی هەبوو و عەمەلی پێکرد، ئەوسا هەقە قسەی خێریش بۆ دەوروبەرەکەی بکات، با لە نزیکەکانی خۆیەوە دەستپێبکات، خێزانی، کوڕی، کچی، دایکی، باوکی، کەس و خزمانی، ئینجا کۆڵانەکەی، ئینجا دوای ئەوان.

بانگەوازی و قسەی خێر بۆ خەڵك کردن مەرج و ڕێکاری خۆی هەیە.

قسە لە شتێک مەکە بواری تۆ نییە، کابرا پڕ گیانی لە شوبهەی فەلسەفییە؛ ئەفلاتۆن وای وت، ئەرستۆ وا دەڵێت، دیکارت وای وت، جان جاک ڕۆسۆ وای وت، ئەویش لەوانەیە: جان جاک ڕۆسۆ و جلیکان بە نزیکی یەك بزانێت! کاکە، دەم مەنێ لەشتێك لێی نازانی، لێی گەڕێ با خەڵکی خۆی قسەی لەگەڵدا بکات.

پەروەردگـــــار دەفەرموێـــــــت: ﴿ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُ﴾ [النحـــــل: ١٢٥] واتە: «ئەی پەیامبەری خوا، ئێـوەش ئەی ئیمانـداران، خـەڵکی بانـگ بکەن بۆ ڕێگەی پەروەردگارتان بە حیکمەت و دانایی؛ بە ژیـرانە و نەرم و قسەی خۆش و لێزانی و، ئامۆژگاری چاك و شـیرین و جـوان و، لەگـەڵیان بـدوێن و موجادەلەیـان بـکەن بـەچاکترین شێوە، بەڵگەی جوان و بەهێزیان بۆ بهێنەوە». چونکە سروشـتی ئادەمیزاد وایە خۆی بەشت دەزانێت و بەئاسانی تەسلیم نابێـت، جا لەبەرئەوە دەبێت زۆر بەژیرانە بۆی بچیتە پێش.

قورتبیی دەڵێت: «ئەم ئایەتە لە مەککە دابەزیـووە لە کاتێکـدا کە فەرمـانی پێکـراوە لەگەڵ قـوڕەیش شـەڕ نەکـات، فەرمـان بە پەیامبەری خوا دەکات خەڵك بانگ بکات بۆ ڕێی دینی خـوا بە نەرمونیانی بەبێ زبری و توندوتیژی، دەشبێت تا ڕۆژی قیامەت موسـڵمان بەم شـێوازە ئامۆژگـاری خەڵـك بـکەن، ئەم ئـایەتە موحکەمە و مەنسوخ نییە دەرهەق بە ئیمانـدارە تاوانبارەکـان کە دەبێت ئامۆژگاری بکرێت بە نەرمی».

کەواتە ئەم ئایەتە دەخوازێت قسە لە بابەتێک نەکەیت کە بواری تۆ نییە، وێڵی بکە با جگە لەتۆ قسەی تێدا بکات، گفتوگۆی لەگەڵ مەکە، بۆ نموونە: مولحیدێکە لەڕووی زانیارییەوە لەئاستی ئەودا نیت!! مەڕۆ دەمەدەمی لەگەڵدا مەکە، بهێڵە با خەڵکێکی دی دەمەدەمی لەگەڵدا بکەن، ئەگەر وانەکەیت ئەوسا خراپە دەنێیتەوە لە شوێنێکەوە کە دەمانەوێت چاکی بکەیت، وەك دەڵێن: چاوی مەڕێژە با کوێر نەبێت، تۆ دەتەوێ چاوێ بڕێژی، بەڵام کوێری دەکەیت، هات ڕیشی چاک بکات، سمێڵیشی لەسەری دانا، جا بۆئەوەی سمێڵیشت نەنێیتە سەری و کوێری نەکەیت، دەستی لێ مەدە و وێڵیێ بۆ خەڵکی دی، نابێت تۆ بەدوای قازانجدا بگەڕێیت، لەکاتێکدا زەمانەتی دەستمایەکەت ناکەیت.

جا بانگەوازی بریتییە لە زیادکردنی دەستمایە، تۆ ملیۆنێکت هەیە بتەوێ بیکەیتە دوو ملیۆن، بەڵام دەزانی بڕۆیتە ناو ئەو کارو کەسابەتەوە -کە لێی نازانی- ملیۆنەکەشت دەڕوات، هەر خۆشت نیت، ژنت هەیە منداڵت هەیە دەورووبەرت هەیە بەو

هۆیەوە زیانیان پێدەگات! دەی کاکە مەڕۆ ناو ئەو بازرگــانییەوە، پارێزگاری بکە لە ملیۆنەکەت، بۆ تــۆ، خــوا داوای لەوە زیــاتری لێ نەکردوویت!

## ئارامبگره

دەبێــت ئارامگرتنــت هەبێــت، چــونکە بــانگەوازیکردن ئارامگرتنی پێویستە. ئەو ئیماندارەی بانگەوازی خەڵك دەکات و ئارام دەگرێت لەسەر ئازاریان باشترە لەوەی کە تێکەڵیـان نابیـت و ســەبری نیــیە لەســەر ئــازاری خەڵــك. پەیــامبەری خــوا دەفەرموێت.

# پەلە مەکە

ئامۆژگاریەتی تر بۆ گەنج ئەوەیە: زوو حوکم مەدە، پەلەپەل مەکە و هەڵەشە مەبە، ڕۆژگار زۆر شتتان بۆ ڕووندەکاتەوە، پێویست ناکات ئێستا پەلە بکەیت، هەندێک شت هەیە لەوانەیە پەردە لەبەر چاوی تۆ بێت نەیبینیت، ڕۆژێک دێت بۆت ڕووندەبێتەوە کە ئەو شتە چۆنە، کورد دەڵێن: قسەیەك ئەمڕۆ بەپارە بێت، سبەی بەبەلاشە.

پەلە مەکە، هەندێک شت هەیە ئەمڕۆ عەقڵت بڕی ناکات، لێی تێناگەی، با گەورە بیت، خۆت لێی تێدەگەی.

## حەکیمبوون لەبانگەوازدا

ئامۆژگاریەکی تر کە پێویستە ئاراستەی گەنج بکرێت لە دەعوە و بانگەوازدا: دانایی و حیکمەتتان هەبێت، حیکمەت بریتیە لە شتدانان لە جێگای خۆی «وضع الشيء في مكانه اللائق به»، هەر لە حیکمەت بوون ئەوەیە: گەنج نەرمونیان بێت لە بانگەوازیدا، قسەی زبر و وشک و ڕەق نەبێت، نابێت بڕوات بە گژی خەڵکدا، وەکو شێخ عەبدولعەزیز دەڵێت: ئەم زەمانە زەمانی نەرمونیانییە، چونکە بیدعە و خراپە و تاوان و سەرپیچی زۆر و بەربڵاوە لەناو خەڵکدا، ناتوانرێت خەڵکە هەموویان لەسەر بنچینە و بنەمای هەجر و پشتلێکردن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

# بەگوێرەی عەقڵی خەڵک قسە بکەن

ئامۆژگـاریەتی تـر لە بـابەتی دەعـوە و بـانگەوازی کە هەر پەیوەسـتە بەوەی پێشـووەوە: هەر کەسـێک بەگـوێرەی عەقڵـی خـۆی قسـەی لەگەڵ بـکەن؛ کەسـێک مولحیـدە جیـاوازە لەو کەسەی مولحید نییە، کەسـەکێك عەلمـانییە و بـڕوای بەخـوا و پەیامبەری خوا ﷺ هەیە، بەڵام پێی وایە ئیسلام بۆ ئەم سـەردەمە ناشێت -کە ئەمە کوفرە-، جیـاوازە لەو عەلمـانییەی کە بـڕوای بە خـوا و پەیـامبەر نیـیە، جیـاواز مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکرێـت و جیاواز لەگەڵیان دەدوێیـت، ئەو عەلمـانییەی پێـی وایە «خـوا و پەیـامبەر باشـن، شـتی باشـیان هێنـاوە»، پەیـامبەری خـوا ﷺ لەسەرەدمی خۆی شۆڕشێکی باشـی بەرپـاکردووە دژی زوڵـم و ستەم، تەنـانەت لەوانەیە عەلمـانی هەبێـت بڵـێ ئیسـلام بـۆ ئەم سەردەمەش دەشێت بەڵام قەیچییەکات یاسـای فەڕەنسـیش وەك ئیسـلام وایە و دەشـێت، قسـەکردن و مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەمە جیاوازە لە مامەڵەکردن و قسـەکردن لەگەڵ عەلمـانییەك کە پێـی وابێت ئیسلام بۆ ئەم سەردەمە ئیکسپایەر بووە!

کەواتە گەنــج دەبێــت بزانیــت لەگەڵ کــێ قســە دەکــات وە ئاستی زانستی کەسەکە لەچ ئاستێکدایە!

## خاکی ببە و خۆت بەباشترمەزانە لە خەڵک

ئامۆژگاریەتی تر کە پێویستە یادی گەنج بخـرێتەوە، ئەوەیە: ئەی گەنج خۆت بەباشتر مەزانە لەخەڵکـی لەبەرئەوەی ڕیشـت هەیە، وا مەزانە زۆر باشتری لەوەی ڕیشی نیـیە، عابایەکـت داوە بەخۆتدا، وا مەزانە تۆ زۆر لەبێ عاباکان باشتری! عابـا و ڕیـش باش و چاکن بەڵام پێوەری باشی و خراپی نین!

چونکە تەقوای خوا لەدڵدایە «التَّقْوَى هاهُنا» وەك پەیامبەری خوا ﷺ دەفەرموێت: «تەقوا لێرەیە» و ئاماژەی کرد بۆ دڵی، خـوا خۆی دەزانێت کێ لای خوا باشـترە، خـوا خـۆی دەزانێـت کـێ لەخوا نزیکترە، بۆیە پێویستە گەنج بەو ڕوحیـیەتەوە بڕوانێـت کە خۆی پێ کەم بێـت، دڵسـۆز و خەمخـۆری خەڵـک بێـت، پێـی وانەبێت پلەی زۆر بەرزترە لە خەڵکی تر.

ئامۆژگاری خەڵك دەکەیـت بـۆ ڕینماییکردنیـان بـیکە، بـۆ دەستگرتنیان بیکە، نەك بـۆ شـکانەوەیان، یـان بـۆ بەرزکـردنەوە خود، یان داخی دڵ دەرکردن. بەڵکو بۆ خوا خۆت پاك بکەوە.

## دڵت پاک بێت

ئامۆژگاریەتی تر کە پێویستە ڕووی بکرێتە گەنج، بـریتییە لە دڵپاکی، دڵت پاک بێـت بەرامـبەر موسـوڵمانان، حیقـد و ڕق و کینە هەڵمەگرە بەرامبەر بە موسوڵمانان، حەزت لەخێـر بێـت بـۆ موسوڵمانان، خوای گەورە دوای ئەوەی ستایشی کۆچبەرەکان و پشتیوانان دەکات، وەسفی ئەو ئیماندارە باشانە دەکات کە دوای ئەوان دێـن و دەفەرموویێـت: ﴿وَٱلَّذِينَ جَآءُو مِنۢ بَعۡدِهِمۡ يَقُولُونَ رَبَّنَا ٱغۡفِرۡ لَنَا وَلِإِخۡوَٰنِنَا ٱلَّذِينَ سَبَقُونَا بِٱلۡإِيمَٰنِ وَلَا تَجۡعَلۡ فِي قُلُوبِنَا غِلّٗا لِّلَّذِينَ ءَامَنُواْ رَبَّنَآ إِنَّكَ رَءُوفٞ رَّحِيمٌ ١٠﴾ [الحشـــر]. واتە: «ئەوانەشـــی لـــەدوای کۆچبەرەکـــان و پشـــتیوانانەوە هـــاتوون، دەڵـــێن: ئـــەی پەروەردگارەکەمان، لە ئێمە و لەو برایانەی پـێش ئێمـە باوەڕیـان هێنـاوە، خۆشـببە و، هـیچ بـوغز و کیـنەیەك مەخـە دەڵمانـەوە بەرامبەر بەو کەسانەی باوەڕیان هێناوە، ئەی پەروەردگاری ئێمە! بەڕاستی تەنها ئەتۆی بەسۆزی میهرەبان.

## ڕقی دووژمن با لەهەقتان نەترازێنێت

ئامۆژگـاریەتی تـرم بـۆ گەنـج ئەوەیە کە خـواس میهرەبـان دەفەرموێت: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ لِلَّهِ شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ ۖ وَلَا يَجْرِمَنَّكُمْ شَنَـَٔانُ قَوْمٍ عَلَىٰٓ أَلَّا تَعْدِلُوا۟ ۚ ٱعْدِلُوا۟ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾﴾ [المائدة٨]. واتە: «ئـەی ئەوانـەی باوەڕتان هێناوە هەمیشەو بەردەوام زۆر بە ڕێکوپێکی هەستن بـە ئەنجامدانی مافەکانی خوا لەپێناوی خوا، و شایەتیدەر بن بە داد و ڕاسـتی نەك بە سـتەم، بـا ڕق و کینـەتان لـە کۆمـەڵێك واتـان لێنەکـات ڕاسـت نـەڕۆن و دادگـەر نـەبن، دادگەری خـوازراوە لەگەڵ دۆسـت و دوژمـن، دادگـەر بـن ئـەوە نـزیکترە لـە پارێزکارییـەوە و، لەخـوا بترسـن بێگومـان خـوا ئاگایـە بـە کردەوەکانتان».

﴿شُهَدَآءَ بِٱلْقِسْطِ﴾ «بە دادگەرانە شایەتی بدەن، بەلای هـیچ لایەکدا لامەدەنەوە، تەنانەت با منداڵیشتان بێت».

که ناکۆکیەکتان بوو لەگەڵ کەسێك، سنووربەزێنی مەکەن، تەنانەت لەوانەیە لە مامۆستایەکت ئەمە ببینیت، تۆ ئەمەی لێوە فێر مەبە. ناکرێت لەگەڵ خەصم و دژەکەی ناکۆکییەکی دەبێ - دوێنێ پێی وتووە: زانا، یان مامۆستایەکی لێهاتوو، یان خاوەن پێنووس و نووسەرێکی بەتوانا- بەڵام هەر کە ئەمڕۆ کێشە لەنێوانیان درووست دەبێت، دەڵێت: فەتوای لێوەرناگیرێت!

ئاخر لەکوێی عەقڵ جێی دەبێتەوە، دوێنی زانا بووبێت ئەمڕۆ نەزان؟! چۆن دەکرێت دوێنی قەڵەم بەدەست و ئەمڕۆ نەفام؟! چۆن ڕەوایە دوێنی دارێکی بەردار بێت و ئەمڕۆ نەمام؟!

هەندێک جار وایە خوای گەورە بەندەیەک بە بەندەیەکی تر تاقیدەکاتەوە، ئەحمەدی کوڕی حەنبەل وەسفی پیاوێکی کرد لە هەواڵخوانانی فەرموودە، وتی: پیاوێکی چاکە، وتیان: ئەی ئەو قسە بەتۆ دەکات؟! وتی: «أي شيء حيلتي، شيخ صالح قد بلي بي»، واتە: دەستەڵاتی من چی بێت، پیاوێکی چاکە، بەس خوا بەمن تاقیکردۆتەوە کە قسە بەمن دەکات!».

پەیامبەری خوا ﷺ لە نیشانەی دووڕەکان دەفەرموێت: «وإذا خاصـــمَ فجــرَ» «کاتێــک کێشــە دەکەوێــتە نێوانتــانەوە ســنوور دەبەزنێت»، سنوربەزاندن چییە؟ تـۆ دوێنـێ پێـت وتـووە: زانـا، موجتەهید، شـەو خەوتـین و بەیـانی هەسـتاین، سـەیر دەکەیـن کەسەکە علمەکەی بووە بە هەڵم و ڕۆیشتووە بە ئاسـماندا، ئەمە بەڕاستی خەلەلە لە بۆچوون و فکر، ئەوە نموونە نییە لەسەر هیچ کەسێک، نمـوونەیەکی گشـتییە، هەر کەسـێک سـەیری نەفسـی خۆی بکات، تۆ دوێنێ بە هاوڕێکەت وتووە: کـوڕی وەکـو تـۆ ڕاستگۆم نەبینیـووە، پیـاوی وەکـو تـۆ بـاش نیـیە، هەر ئەوەنـدە ڕاجیاواوی کەوتە نێوانتانەوە، دەڵێیـت: تـۆ درۆزنیـت، ناپیـاوی وەك تۆم نەدیووە! باشە ئەمڕۆ درۆ دەکەی کە دەڵێی درۆزنە، یان دوێنێکە درۆت کرد کە وتت ڕاستگۆیە؟! کامیـان؟! هەر کامیـان بێت تۆ هەر زەرەرمەند دەبێت.

بۆیە هەموو کات سنووربەزێنی مەکەن، هەمیشـە مامناوەنـد بن.

# له كۆتاييدا

ئەمە بريتييە لە هەندێک ئامۆژگـاری کـورت کە يەکەم جـار ئامۆژگاری نەفسی بەدکار و تاوانکاری خۆمی پێدەکەم، خـوای گەورە لێمان ببوورێت و لێمان خۆش بێت، پاشـان ئامۆژگـاری هەر بـرا و خوشـکێکی گەنجـی پێـدەکەم کە گـوێی لـێمانە و دەيبيستێت و دڵسۆزی دين و ئيمانەکەی خۆيەتی.

خـوای گەورە هيـدايەتمان بـدات و ڕەحمـمان پێبکـات و لەتاوانمان خۆشبێت و عەفومان بکات و نييەتپاکيمان پـێ کەرەم بکات و بە ئيمانەوە نەبێت نەمانباتەوە بۆلای خۆی.

خـوای گەورە هيـدايەتی ئـێمە و هەر گەنجێـک بـدات کە نييەتی خێرە و حەزی لە خێرە.

سُبْحَانَكَ اللّهُمّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلا أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ ·

# پێڕست


پێشەکی نووسەر................................... ٤
ئامۆژگاری و یادخستنەوەیەك بۆ گەنجان ........................ ٥
یەکەم: تەقوای خوای گەورە: ................................ ٦
هەڵبژاردنی سەرمەشقی چاك.................................. ٧
لەبابەتە خیلافییەکان دڵفراوان بن............................ ٩
لە وتی وتی دوور بکەونەوە ................................ ١٠
دوورکەوتنەوە لە توندڕەوی و شلڕەوی ...................... ١١
سەرقاڵی علم ببە و خۆت لەشتی لاوەکی دووربخەوە...... ١٦
زۆر ڕاست و چەپ مەکە ................................ ١٧
کردەوە بە علمەکەتان بکەن................................ ١٨
قسەی خێر بکە بۆ خەڵك ................................ ١٩
ئارامبگرە................................................. ٢٣
پەلە مەکە ................................................ ٢٤
حەکیمبوون لەبانگەوازدا................................. ٢٥
بەگوێرەی عەقڵی خەڵك قسە بکەن ......................... ٢٦
خاکی ببە و خۆت بەباشتر مەزانە لە خەڵك.................. ٢٨
دڵت پاک بێت ............................................ ٢٩

ڕقی دووژمن با لەهەقتان نەترازێنێت ..................... ٣٠
لە کۆتاییدا................................................ ٣٣
پێڕست ..................................... ٣٤